# ئادگاری تۆ



* کاوەی خەسرەوکاوانی *

لەهەرجوانێك ئادگارێکی تۆدەبینم
وەك ئەوەیە کەتۆجوانیت
بەش کردبێت بەسەرهەموو جوانەکانی نیشتمانم ,
لەگەڵ هەموو هەناسەیێك
دێت و دەڕۆی
بەبێ وویستم خۆت کردووە
بەسەرتاپای هەموو گیانم ,
کە گوێ بیستی دەنگت دەبم
ڕۆحم ئارام دەبێتەوەو
هەموو شتێك لەلای من دەبێتە دەنگت ,
سروشت وەك من تۆی خۆش دەوێ
بۆیە گشت ڕەنگەکانی خۆی
ئاوێتە کردووە بە ڕەنگت ,
ئەوساتانەی بیرت دەکەم
ئامادەمە دیدارێکت بەرۆحی خۆم بگۆڕمەوە
تابشکێنم تامەزرۆی پڕ لەتاسەم ,
ئامادەمە لەجیاتی دیدارێکی تۆ
پێشکەشت کەم
هەموو عومر و دواهەناسەم.

2008/3/26